# عێراق و گەمەی هاوپەیمانی

20-08-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : بایەخی سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ ئەمریکا کاتێك زیاتر دەبێت کە لە دوتوێی "گەمەی هاوپەیمانییەکان"ی دنیای ئەمڕۆدا تەماشای بکەین. ئەم بەشەی جیهان، جەرگستانی ناوچەیەکی پڕکێشەیە لە نێوان بەحری سپی و ئاوەکانی کەنداو، کە لە کەفوکوڵدایە وهاوپەیمانی و لێکترازانە سیاسییەکانی خێراتر لە جاران روودەدەن.

زریان رۆژهەڵاتی

**بەرایی**

بایەخی سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ ئەمریکا کاتێك زیاتر دەبێت کە لە دوتوێی "گەمەی هاوپەیمانییەکان"ی دنیای ئەمڕۆدا تەماشای بکەین. ئەم بەشەی جیهان، جەرگستانی ناوچەیەکی پڕکێشەیە لە نێوان بەحری سپی و ئاوەکانی کەنداو، کە لە کەفوکوڵدایە وهاوپەیمانی و لێکترازانە سیاسییەکانی خێراتر لە جاران ڕوودەدەن.

ئەم بابەتە دەیەوێت لەبەرچاوگرتنی گەمەی تازەی هاوپەیمانی لە جیهان و ناوچەکە، سەردانەکەی کازمی بۆ ئەمریکا شرۆڤە بکات و دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێت کە گۆڕانێك لە ڕێبازی هاوپەیمانیی ئەمریکیدا لە ناوچەکە درووستبووە و ئەمەش بایەخی عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. هێشتا دیارنییە کە دواجارعێراق لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی دنیای ئەمڕۆدا بەلای کێدا دەیشکێنێتەوە بەڵام، دۆخی ئێستای جیهان دەرفەتێکی بۆ درووستکردووە کە جارێ بتوانێت لەسەر پەتی جیاواز یاری بکات.

**ڕاڕایی ئەمریکا؛ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نزیکەوە یان لە دوورەوە؟**

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نموونەیەکی زۆر لە رەفتاری سیاسی ئەمریکی هەن کە دەرخەری ڕاڕاییەکی ئەو وڵاتەیە سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ڕوانگەی زاڵی ئەمڕۆ لە ئەمریکا بەوجۆرەیە کە چین خەریکە وەکوو هەڕەشەیەکی گەوەری بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەوانی لێدێت. جا پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا بەرەبەرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکشێتەوە و خۆی بە ڕکابەرییەکانی لەگەڵ چین لە ئاسایی دوور سەرقاڵ بکات یان نا؟

دوو بیرمەندی ئەمریکی بیرۆکەی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوەیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان پێشنیارکرد. پوختەی بۆچوونەکەی واڵت و مرشایمر ئەوەبوو کە پێویستە واشنتن زیاتر جەخت لە کۆنترۆڵکردنی نیوە ڕۆژئاواییەکەی جیهان بکات و کەمتر خۆی بە کیشەکانی دیکەی جیهانەوە سەرقاڵ بکات. ئەوان پێیانوایە کە لەبەر ئەوەی وڵاتەکەیان بە دوو ئۆقیانووسی گەورە دەورە دراوە و دراوسێکانیشی لاوازن، بەکردەوە هیچ هەڕەشەیەکی ئەمنی گەورەی لەسەر نییە. هەروەها هیچ بەرپرسیارییەکیشی بۆ دیموکراتیزەکردنی جیهان  نییە و هەوڵەکانیشی بۆ ئەوە سەرینەگرتووە. جا باشتروایە خۆی بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی مژووڵ بکات کە چینە.[1] ئەمە لە سەردەمی ئۆباماشدا وەك ڕووکردنە ئاسیا باسی لێوەدەکرا. دۆناڵد ترەمپیش خۆی ئاسایی زۆرجار باس لە هەڕەشەکانی چین دەکات. دەڵێت بەر لە هەموو شتێك ئەمریکا.  ئێمە پۆلیسی جیهان نین و هەقمان بە شەڕە بێکۆتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستەوە نییە. ئەمانە بە دیوێکدا وەرگێڕانێکی ترەمپ ئاسای دیدگای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ڕێگای دوورە!

هەڵبەت لەوانەیە لە کردەوەدا ئەو بۆچوونە ڕاست دەرنەچووبێت بۆیە ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەفتاری دژیەکی لەناوچەکە پیشانداوە. بۆنموونە: کشانەوەی 2011 لە عێراق و دواتر گەڕانەوە و  باسکردنەوەی پەیوەندی ستراتیژی، بڕیاری کتوپڕ بۆ کشانەوە لە ڕۆژئاوا و دواتر پەشمیانبوونەوە لێی. زیادبوونی ناکۆکییەکان لەگەڵ تورکیا لەلایەك و بایەخدانەوە بە ڕۆڵی ئەوە وڵاتە لە ناوچەکە لەلایەکی دیکە، بەشداریکردن و دەرچوون لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران.

وادیارە دیدگای هاوسەنگی لە دوورەوە ڕاست دەرنەچوو، چوونکە ئەمریکا بە تەنیا مەیدانی ڕکابەرییەکان دیارنیاکات. ئەگەر بە تەمای ڕاگرتنی چین بێت، چین وا خەریکە بەرەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای عەرەبی دێت. ڕووسیا لە 2015وە  ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکە زیاتر کردووە. لە دوای 2000یشەوە دوو هاوپەیمانی گرنگی ئەمنی و ئابووری لە جیهان بە بەشداری چین و ڕووسیا دامەزراون کە ئەگەر وابڕوات جێی ئەمریکا لێژ دەکەن؛ ڕێکخراوی هاوکاری شانگهای و بریکس! چین بنکەی سەربازی لە جیبۆتی داناوە. بە هێڵێکی وشکانی و دەریاییدا لە پاکستانەوە هەتا ئێران و عێراق و وڵاتانی خەلیج، خەریکی قایمکردنی شوێن پێی خۆیەتی. تەنانەت لەگەڵ هاوپەیمانە نەرتییەکانی ئەمریکا وەك ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو کەین و بەینی درووستکردووە. ڕووسیا بەرەو ئەورووپای شەرقی و بەرەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەلدەهاوێژێ. کورت و کورمانجی ئەمریکا ئەگەر بەتەمای ئەوە بێت کە یەکەمی جیهان بێت، ناتوانێت لەوبەری ئۆقیانووسەکانەوە هێزەکانی دیکەی جیهان جڵەو بکات. لەوانەیە هەڕەشەی سەر خاکەکەی کەم بێت بەڵام هەڕەشەی سەر پێگەکەی زیاترە و ئەمەش لە دوورەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکارێك بووبێت بۆ ئەوەی کە بەدوای باڵانسێك لە بەینی گوتاری ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوور و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نزیکەوە بگەڕێت.

**عێراق جەرگستانی هاوپەیمانییە دژەبەرەکان!**

میسر و یۆنان لەسەر ناوچەیی تایبەتی ئابووری لە بەحری سپی ڕیککەتوون. تورکیا وحکومەتەکەی سەراج رێککەوتنیان کردووە و دوای ئەویش میسر و حەفتەر کردیان. ئێران و سوریا گرێبەستی بەرگری ئاسمانی دەکەن. باسی رێککەوتنی 25 ساڵەی ئێران و چین لە گۆڕێدایە. رێککەوتنی عێراق و چین و چین و لوبنانیش لەلایەك بوەستێ، ئیمارات و ئیسرائیلیش پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە. ئێستا ئیدی تورکیا لە لیبیا، سوریا و عێراق لە سەنگەری دژی وڵاتانی عەرەبیدایە. ئێرانیش لە عێراق و سووریا و لوبنان ئەو سەنگەرەی لە وڵاتانی عەرەبی گرتووە. دەوڵەتە سەرووناوچەییەکانیش هەریەکەو بە لایەکدا هەوڵی راگرتنی هاوسەنگیی لە بەینی لایەنە ناکۆکەکانی ئەم ناوچەیە دەدەن. ئەمریکا سەرباز لە ئەڵمانیاوە دەبات بۆ پۆلۆنیا و و ریککەوتنی سەربازی و ئەمنی لەگەڵ ئۆسترالیا دەکات و لە جموجۆڵەکانی پەکین لە دەریای چین نأڕازییە و.... ئا لەم تابلۆیەدا عێراق لەلایەك لە بەینی ئێران و سعودی، لەلایەکی دیکەش لە بەینی چین و ئەمریکادایە. گەمەی هاوپەیمانییەکەش لەسەر ئەوەیە کە کێ بتوانێ زیاترعێراق بەلای خۆیدا رابکێشێ.

ئەگەر رکابەرییە ناوچەیی و جیهانییەکانیش توندتر ببنەوە، هەروەك چۆن لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا عێراق لە دنیای دوو جەمسەریدا بەلای هاوپەیمانییەکی ناوچەییدا شکاندییەوە کە ئەمریکا و رۆژئاوا پشتی دەگرت کە بە پاکتی بەغدا ناسرابوو، دواجار ناچار دەبێت بەلای یەکێك لە میحوەرەکانی هاوپەیمانیدا بیشکێنێتەوە: ئینجا یان میحوەری عەرەبی- عیبرییە کە ئەمریکا هەوڵدەدا سەربگرێت یان هاوپەیمانییەکی ناوچەیی کەمترعەرەبی کە وادیارە ئەمجارەیان لە جیاتی رۆژئاوا رۆژهەڵات پشتی دەگرێت!

**ئەنجام**

ماوەیەکی زۆر بەرلە ئێستا نەبوو کە سەرۆکوەزیرانێکی عێراق بە وەفدێکی قەرەبالغەوە چوو بۆ چین. بابەتی چوون و نەچوونەکەی کازمی بۆ ریازیش با بوەستێ، کاتیکی زۆریش بەسەر سەردانەکەی ئەو بۆ تاران تێنەپەڕیوە. ئەمەش دەریدەخات کە پێگەی عێراق بۆ رکابەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پڕبایەخە. لەلایەك ریککەوتنی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هەیە و لەلایەکی دیکەش لە 2015وە ئەندامی هاوپەیمانیی چوار قۆڵیی رووسیا، ئێران و عێراق وسووریایە لەگەڵ حزبوڵڵا کە بە 4+1 ناسراوە! چەکەمەنی ئەمریکی لە سوپاکەیدا بەکاردێنێت بەڵام راوێژکاری ئێرانیشی هەیە. لەگەڵ ئەمریکا دانووستاندنی ستراتیژی هەیە بەڵام چاوی لە چین و رووسیاشە. بە هەمانشێوە رووی لە ئێرانیش و لە سعودیە و بە تەمای باشکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ تورکیا. دۆخی ناوچەکە و جیهانیش، دەرفەتێکی وای بۆ بەغدا رەخساندووە تا جارێ بتوانیت لەنێوان هێڵە جیاوازەکاندا یاری بکات. دنیا بە قۆناخێکی گوزەردا دەڕوات و هەتا ماوەیەك وڵاتانی وەك عێراق دەتوانن لە بەینی هاوپەیمانییە جیاوازە دژەبەرەکاندا بێن و بچن، بەڵام وەختێك دێت کە بە خاڵی وەرچەرخان دەناسرێت و ئا لەوێدایە گە گوتاری رەسمی سەبارەت بە راگرتنی هاوسەنگی لە بەینی جەمسەرە جیاوازەکاندا تەنها وەك ئایدیایەکی لێدێت، چوونکە ئەوە بە وڵاتێکی بەهێز دەکرێت کە جارێ عێراق وانییە.

https://www.foreignaffairs.com/articles/united-states/2016-06-13/case-offshore-balancing - [1]